# کورد و هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ئامریکا

نووسینی : نیگار عینایەتی



نیگار عینایەتی

لە ماوەی گفتوگۆ و روبەروبوونەوەی هەر دوو کاندیدای کۆماریخواز و دیموکراتەکان، "**باراک ئۆباما**" و "**میت رامنی**"، هەڵسەنگاندنێکی بەربڵاویان سەبارەت بە بەڕێوەبردنی سیاسەت و پلان و پرۆژەکانیان بۆ ماوەی ٤ ساڵی داهاتوو ئاراستەکردووە  کە بە سەرکەوتنی هەرکامێکیان ئەگەری هەیە بخرێنە بواری کردارییەوە. لە بابەت سیاسەتی ناوخۆی ئامریکادا، مژاری سەرەکیی گفتوگۆکان لەسەر بێکاری و خوێندن وکێشەی ئابووری بوو. لەم دەیەی رابردووەوە هەتا ئێستا ئامریکا تووشی قەیرانی ئابووری بووە و هەر ئەوەش وای کردووە کە وەکوو دڕندەیەک هێرشی هەموو لایەک بکات هەتا بتوانێت بژێوی خۆی دابین بکا. بێکاری، نەبوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و کاری نایاسایی لە ئامریکادا رووی لە زیاد بوونە و بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە ناچارن سیاسەتی دەرەکی خۆیان وا تەرخان بکەن کە سوود و قازانج بۆ خۆیان بەدەست بهێنن.

بە گشتی لە گفتوگۆکانیان و بە تایبەت لە روبەڕوبوونەوەی سێهەمدا، هەردوو کاندیدی بەشی دیموکراتەکان و کۆماریخوازان لەسەر سیاسەتی دەرەکی جیاوازیەکی ئەوتۆیان نەبوو. ئەو خاڵەش بووە مژاری سەرەکی چاپەمەنی نێوخۆی ئامریکا و دەرەوە. هەردووکیان لە سەر سیاسەتێکی هاوبەشن و خاوەنی پرۆژەیەکن، تەنیا جیاوازیەکەیان لە سیاسەتی دەرەوەدا چۆنیەتی پراکتیککردنی پرۆژەکانە و کات و زەمانەکەی جێی مشتومڕی ئەوان بوو.

"ئۆباما" وەکوو نوێنەری دیموکراتخوازان دەستکەوتەکانی لە ماوەی دەسەڵاتداری خۆیدا پۆلینبەندی کرد، کوژرانی "ئۆسامە بێن لادەن" بە گەورەترین دەستکەوتی خۆی لە ماوەی ئەو چوار ساڵەی سەرۆک کۆماری دادەنێت. لە هەمانکاتدا ئەلقاعیدە وەکوو بزووتنەوەی رادیکاڵی ئیسلامی  بە دوژمنی ئامریکا و نەتەوەکەی دەستنیشان کرد. هەروەها لە سەر کوژرانی سەفیری ئامریکا لە "بێنگازی"،  ئۆباما کوتی کە ئەوەی دەستدرێژی بکاتە سەر خەڵک و دەوڵەتی ئامریکا بە توندترین شێوە تۆڵەیان لێدەکەینەوە.

هاوکات سیاسەتی دیموکراتخوازانی بۆ رۆژهەڵاتی ناڤین دەست نیشان کرد و رایگەیاند کە پرۆژەی بە دیموکراتیزاسیۆنیان لە ناوچەکە دەستی پێکردووە و ئەوەی وا  لەگەڵ ئامریکا  لە ئالیانس دا نەبێت ئەوە بە توندترین شێوە رووبەڕووی دەبنەوە و ئاماژەی بۆئەوە کرد کە ئیسرائیل تاکە دۆست و ئالیانسی ئەوانە لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا. لە درێژەی قسەکانیدا ئۆباما کوتی، ئەگەر هەر لایەنێک هێرش بکاتە سەر ئیسرائیل ئێمە لایەنی ئیسرائیل دەگرین و دەیپارێزین. هەر لەم هەفتەیەی پێشوودا ئامریکا و ئیسرائیل مانۆڤری نیزامی و لەشکەریی هاوبەشیان پێکهێنا بۆ ئەوەی هاوپەیمانیەکەیان بە دنیا نیشان بدەن.

لە هەمانکاتدا "**میت رامنی**" نوێنەری کۆماریخوازان لە سەر مژاری ئێران جەختی لە سەر ئەوە کردەوە کە دەبوایە ٤ ساڵ لەمەوبەر حەرەکەتێکی رادیکاڵانە نیشانی ئێران بدرابایە.  ئەو ئێرانەی ئێستا ٤ ساڵ لە چەکی ناوەکی نزیکتر بۆتەوە، و بە توندی رەخنەی لە ئۆباما گرت. "**رامنی**" لەو باوەڕە دایە کە ئەگەر ئێران هاوکاریی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی نەکات پێویست بە هێرشێکی سەربازی دەبێت بۆ ئەم وڵاتە. لە لایەکی دیکەوە زۆر بە روونی و بێپەردە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە پێویستە لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا ئەو کاوسە لابچێت و ئەوانەی وا لەوێ خاوەن هێزن پێویستە گوێڕایەڵی ئامریکا بن و بە گوێر خواستی ئامریکا بجوڵێنەوە. هەروەها بە روونی رایگەیاند کە دەبێت پاکستان و ئەفغانستان ببنە ئاڵقەبەگوێی ئەوان.

### * چاوخشانێکی کورت بە سەر ٤ ساڵ سەرۆک کۆماریی ئۆبامادا

کاتێک ئۆباما وەکوو یەکەم سەرۆک کۆماری رەشپێستی ئامریکا هەڵبژێردرا، هەموو چاوەکان لە سەر ئامریکا و سیاسەتەکانی بوو، ئەو هەڵبژاردنە هەڵبژاردنێکی مێژوویی بوو لە نێوان دوو کاندیدی سەرۆک کۆماری کە  یەکیان رەشپێست و ئەوی دیکەیان ژنێک بوو بە ناوی خانمی کلینکتۆن کە هەر کامێکیان بیانبردبایەتەوە مێژوویان لە سەرۆک کۆماری ئامریکا تۆمار دەکرد. لە

هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩دا بۆمان دەرکەوت کە ئەم سیستەمە زۆری ماوە بۆ ئەوەی کاندیدێکی ژن ببێت بە سەرۆک کۆماری و ئامادیە رەشپێستێک هەڵبژێردرێت بەڵام ژن نەبێت.

لە دوای دەستبەکاربوونی کابینەی سەرۆک کۆماری دیموکراتخوازەکان، ئەوەی کردیان چاوپێداخشاندنێک بوو بەسەر سیستەمی رۆژهەڵاتی ناڤین و بۆ ئەوەی جێ پەنجەی خۆیان لەوێ بکەنەوە بە ئاگرخستنە نێو ناوچەکە و هەڵگیرساندنی بە نێو بەهاری عەرەبی و شەڕی لیبی و کوشتنی قەزافی دەرکەوت کە مەبەست پەیرەوکردنی سیاسەتی نوێیە و دەیانەوێت مۆرەکانی خۆیان بگۆرن و مۆرەی تازەتر دابنێن کە بە تەواوی گوێ لە مشتی ئەوان بن. مۆرەکانی پێشوتر سڵەیان لە ئامریکا کردبۆوە و وەکوو جاران قازانجیان بە ئامریکا نەدەبەخشی. هەر بۆیەش ئەو ئاگرەیان لەو وڵاتانە هەڵگیرساند بۆ ئەوەی قازانجی زیاتر بکەن. ئەوەی جێی سەرنج بوو، ئەو وڵاتانەی وا بانگەشەی ئاشتیخوازییان دەکرد خۆیان پێشەنگ بوون لە شەڕی دژ بە قەزافی. بۆ نمونە نۆروێژ چەندین فانتۆمی بە بۆمبی نوێوە لە سەر دەوڵەتی قەزافی تاقی کردەوە وسەرمایە گوزاریەکی بەرینی لە لیبی پێک هێنا و لە هەمانکاتدا لە وڵاتەکەی خۆی نرخی نەوت و بێنزینی بردە سەرێ و بە میلیارد دۆلار قازانجی کرد .



هەر لەو سەروبەندەدا و بە دەستپێکی شەڕی لیبی، خەڵاتی شانۆئاسای نۆبێلی ئاشتی دەدرێت بە ئۆباما کە ساڵێک بە سەر سەرۆک کۆماریەتیەکەی تێپەرنەببوو. خەڵاتەکەی لە سەر بنەمای پاراستی کەشوهەوا و پاراستنی ئێکۆلۆژی پێ بەخشرا، بەڵام کوا دەستکەوتەکانی ئۆباما کە شایەنی ئەو خەڵاتە بێت؟ لە راستیدا دەستکەوتی سیاسەتی پاراستنی ئێکۆلۆژی ئۆباما، مردنی ماسی زەریاکان و تەشەنەکردنی نەوت لە نێو دەریا و زەریاچەکان و مردنی باڵندە و نەمانی دارستانەکانی بە دواوە بوو.

لە هەمانکاتدا پرۆژەکانی بەدیمۆکراتیزەبوونی رۆژهەلاتی ناڤین بێجگە لە کوژران و برینداربوونی دەیان کەسی سڤیل لەو ناوچەیە هیچ دەستکەوتێکی بۆ گەلانی ئەو دەڤەرە بەدواوە نەبوو. دیارە کە بە کوژرانی ئەو مرۆڤانە وڵاتانی رۆژئاوایی دەستکەوتی مەزنی ئابووریان هەبوو و گەورەترین قازانجیان لە فرۆشتنی چەکەکانیان کرد .هەتا ئێستا زیاتر لە سی هەزار کەس لە سوریا بوونەتە قوربانی و زیاتر لە ١٠٠هەزار مرۆڤی بێتاوان لە ئێراق و ئەفغانستان کوژراون. ئەوەش دەستکەوتی بە دیموکراتیزە کردنی ئامریکایە لە رۆژهەڵاتی ناڤین.

لە راستیدا ئەو شەڕەی ئێستا لە رۆژهەڵاتی ناڤین و بەتایبەت لە سوریا لەئارادایە ، شەڕی ساردە لە نێوان دوو جەمسەری جیهانی کە لایەکیان زلهێزانی روسیا وچینە و لایەکەی کەیان ئامریکا و ناتۆیە. وڵاتانی وەکوو ئێران، سوریا و لوبنان مۆرەی سەرەکین بۆ ئەم شەڕە ساردە کە وەکوو شەڕی جیهانی سێهەم بەنێو دەکرێ.

### * کاوسی رۆژهەڵاتی ناڤین و سیاسەتی ''میت رامنی'' وەکوو کۆماریخواز

ئێستا "**میت رامنی**" چۆن دەتوانێت سیاسەتی دەرەکی خۆی بە تایبەت ئەم قەیرانەی لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا هەیە کە خۆی وەکوو کاوس بەنێوی کرد ، کۆبکاتەوە؟ سیاسەتەکەی کۆماریخوازان بە زەبری لەشکەرکەشی و کوشتنی گەلانی بێ تاوانی رۆژهەڵاتی ناڤین کۆتایی پێدێت، و خۆشیان بە ئاشکرا ئاماژە بەوە دەکەن. لە لایەکی دیکەوە قەیرانی زیاتری ئابووری و کۆمەڵایەتی لە جیهازی کۆماری خوازاندایە ئەگەر بێت وسەرکەوتن لە هەڵبژاردندا وەدەست بهێنن. ئەوەشمان نابێت لە بیر بچێت کە "میت رامنی" مەسیحیەکی توندڕەوە و ئەوەش دەتوانێت کاریگەری راستەوخۆی هەبێت بۆ دژایەتیکردنی ئایینەکانی دیکە بەتایبەت ئیسلام.

سیاسەتی ئامریکا سیاسەتێکی ئیمپریالیستی و کۆنۆلیالیستی مۆدێرنە. هەر بۆیەش لە سیاسەتی دەرەکیدا لە نێوان کۆماریخوازان و دیموکراتەکان جیاوازیەکی ئەوتۆ بەدی ناکرێ. هەر کامێکیان سەرکەوتن بە دەست بهێنن ئەوە گۆڕانکاری بۆ گەلانی رۆژهەڵاتی ناڤین و گەلانی دیکەی جیهانی پێی نیە، بێجگە لە قەیرانی زیاتر و کوشتوکوشتاری مرۆڤانی بێ تاوان.

### * هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری و کورد

لە کاتی سەرۆککۆماری ئۆبامادا ئەو بەڵێنانەی وا بە کورد درابوون هیچیان جێبەجێ نەکراون و تەنانەت لە سەر کورد و هێزی ئازادیخوازی گەلەکەمان بازرگانی سیاسی کراوە. یەکێک لە بازرگانیەکان، لە سەرهێلی تەلەفون بۆ حکومەت وهەرێم بوو لە نێوان ئامریکا و بەغدا، دوای ئەوەی ناکۆکیەکانی سەرۆک وەزیری ئێراق "نوری مالکی" لەگەڵ "**بارزانی**" زیادی کرد. بە تایبەت

لە سەر بابەتی تاریق هاشمی، ئامریکا بێ یەک و دوو لایەنی نوری مالکی گرت و بڕیاری داخستنی هێلی تەلەفونی حکومەت و هەرێمی دا و تەنانەت حکومەت و هەرێمی ناچار بە گوێرایەڵی لە سیاسەتی بەغدا کردووە . پێك نەهێنانی مادەی ١٤٠ یەکێک لە پەیماننامەکانی نێوان ئامریکا و بەغدا و تورکیایە.



لە لایەکی دیکەوە بە هەموو شێوەیەک یارمەتی سەربازی و زانیاری کۆکردنەوەی لە سەر هێزی رزگاریخوازی گەلەکەمان پ.ک.ک دەدا بە تورکیا و تەنانەت چەکەکانی ئامریکایان بۆ شەر لە دژی کورد لە باکور بەکار هێناوە. گۆشەگیری سەر رێبەری گەلی کورد "**عەبدوڵلا ئۆجەلان**" کە زیاتر لە ١٥ مانگە بەردەوامە لە درێژەی سیاسەتی نگریسی ئەوانە بۆ سەر کورد.

راوەستانی دیالۆگی چارەسەری لە نێوان PKK و تورکیا بۆپرسی کورد لەو وڵاتەدا کە لە ئۆسلۆ بەرێوە دەچوو بە دەستوری ئامریکا راوەستاوە . هەرە نمونەی تازە و بەرچاو ، باڵوێزی ئامریکا لە ئانکارا کە کوتبووی پێشنیاری تاکتیکی لە نێوبردنی "**ئوسامە بین لادەن**" دەکەن بۆ "**موراد قەرەیلان**" سەرۆکی کۆنسەی "**کۆما جڤاکێن کوردستان**". هەر دوابەدوای ئەم گوتارە کۆماجڤاکێن کوردستان لە راگەیاندراوێکی رەسمی دا ئاماژەی بەوە کردووە کە بە کوشتنی یەکێک لە رێبەرانی ئەم تەڤگەرە دەیانەوێت شەری کورد و تورک گەرم تر بکەن. هەروەها وتەی باڵوێزی ئامریکا رووبەرووی نارەزایەتی توندی هاوسەرۆکانی "**BDP**" بۆوە.

## * چارەسەر نەبوونی پرسی کورد دەستی وڵاتەیەکگرتووەکانی تێدایە

چارەسەرنەکردنی پرسی کورد بە شێوازێکی راستەو خۆ دەستی ئامریکا و وڵاتانی ناتۆی تێدایە و لە بەرژەوەندی ئەواندا نیە کە ئەم پرسە بە شێوازێکی دیموکراسیانە چارەسەر بکرێت. هەر بۆیەش لەم شەرەدا دیسان دەیانەوێت پەیمانی لۆزانێکی نوێتر بۆ کورد دابرێژن و کورد بەوەی کە ئیستا لە پارچەیەکدا فیدراڵی هەیە رازی بکەن و پارچەکانی دیکەی کوردستان بکەن بە قوربانی ئەو پارچەیە. لە هەمانکاتدا هەر کات بیانەوێت ئەو دەستکەوتەش لە دەست کوردان دەرهێنن.

بەڕێوەبردنی سیاسەتی کوردی باش و کوردی خراپ پێش دەخەن و وا نیشان دەدەن ئەو کوردەی گوێ لە مشتی ئەوان بێت ئەوە کوردی باشە و ئەوانەی دیکە کوردی خراپن و پێویستە لە نێو بچن. لە هەمانکاتدا بە هەموو شێوازێک و بە ئابلۆقەی ئابوری دەیانەوێت دەستکەوتی کوردان لە رۆژئاوای کوردستان لە نێو ببەن.

ئەوەی کورد بتوانێت وەکوو فاکتورێکی بنەرەتی لە ناوچەکەدا سەرکەوتنی خۆی بەدەست بهێنێت پێویستە هێزی خۆی کۆکاتەوە و تەنیا بە پاڵپشتی هێزی جەوهەری خۆی دەتوانێت دەستکەوتەکانی هەیەتی بپارێزیت و دەستکەوتی نوێ بەدەست بهێنێت و وەکوو هێزێکی سیاسی حیسابی بۆ بکرێت. پێویستە ئەوەش باش بزانین کە سیاسەتی ئامریکا هەمیشە سیاسەتێک بووە کە دۆستەکانی خۆی کردۆتە قوربانی دوژمنەکانی. ئەوەی دۆستی ئامریکا بێت ئەوە گەورەترین زەرەری کردووە، چونکە ئامریکا هەمیشە دۆستەکانی خۆی وەکوو نێچیری سیاسی بۆ سەرکەوتن بەسەر دوژمنانی بەکار هێناوە. خاڵی لاوازی ئێمەی کوردیش حکومەت و هەرێمە کە هەر دەم وەکوو نێچیری ئامریکا بۆ وڵاتانی تورکیا و ئێران و ئێراق و تەنانەت سوریا بە کار هاتووە.

بۆ ئەم هەلومەرجە سیاسیە پێویستە کورد خۆی کۆبکاتەوە و کۆنفرانسی نەتەوەیی خۆی ببەستێت، و پێویست دەکات کوردان لە هەر شوێنێک کە هەن دەستکەوتی کوردان بپارێزن و خاوەنداریەتی لێ بکەن، کە ئێستا رۆژئاوای کوردستانە. بەرێوە نەچوونی کۆنفرانسی نەتەوەیی کورد راستەوخۆ دەستی ئامریکای تێدایە و ئەوانەن نایانەوێت کورد یەک بگرن و ببنە خاوەن یەک هەڵوێست.

***